# دەقاوێزان لە دەقی چیرۆکە شیعری
# "پیرەمەگرون سەر لە حوجرەکەی نالی دەدا"
# "دڵشاد مەریوانی"

أ.م.د. عبدالقادر حمةامين محمد
جامعة السليمانية

## پوختەی لێکۆڵینەوەکە:

دەقی لێکۆڵینەوەکە بەناوی (پیرەمەگرون سەر لە حوجرەکەی نالی دەدا)ی (دڵشاد مەریوانی)یە، کە چیرۆکە شیعرەو توخمی (گێڕانەوە) و (وەسف)ی لەخۆگرتووە، پەیوەندیو رایەڵەیەکی دەقاوێزانی هەیە لەگەڵ دەقەکەی (نالی) بەناوی (قوربانی تۆزی رێگەتم ئەی بادی خۆش مروور).

لێکۆڵینەوەکە، سروشتی چیرۆکئامێزی هەیەو جیاوازە لە دەقەکانی تر، هەوڵمانداوە بەپێی میتۆدی دەقاوێزان بیخەینە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە، لەپێناو دەرخستنی رایەڵەی دەقاوێزانو شیکردنەوەی برگەو یەکەکانی چیرۆکە شیعریەکە لە رێگای توخمەکانی (گێڕانەوە) و (وەسف)ەوە روونکردۆتەوە.

لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکیو دووبەش پێکهاتووە، کە بەشی یەکەمیان، بەناوی "دەقو دەقاوێزان" لەم بەشەدا ئاماژە بە سروشتی دەقو چەمكو زاراوەی دەقاوێزانو شیعریەتی ناونیشانو خودی دەق دراوە، بەشی دووەم: بەناوی "دەقاوێزانو شێوەکانی" کە بریتیە لە دەقاوێزانی هەڵمژینو ئاماژەو کەسایەتی، دواتریش ئەنجامو سەرچاوەکان دەخاتە روو.

## التناص في القصة الشعرية (بيرمكرون يزور نالي في حجرته) للشاعر دلشاد مريواني

أ.م.د. عبدالقادر حمةامين محمد
جامعة السليمانية

### الملخص العربي:

يتناول هذا البحث قصيدة شعرية قصيصة بعنوان: "يزور (بيرمكرون) حجرة (نالى)" للشاعر دلشاد مريوانى. استخدم الشاعر في بناءها "السرد القصصي" و "الوصف الشعري"، كما و تتضَّمن تلميحات وإيحاءات قصيدة (نالى) الشهيرة: "روحي فداءٌ لغبار طريقك يا أيها النسيم العليل!".

يتكون البحث من مقدمة ومبحثين وفي الختام استنتاجات البحث وأسماء المصادر والمراجع. يتطرَّقُ الباحث في المبحث الأول "النص والتناص" إلى طبيعة النص ومفهوم التناص وشعرية عنوان النص، أما في المبحث الثاني "التناص وأنواعه" يعالج محاور تناصية كالتلميح واستيعاب "امتصاص" النص...الخ ويستعرض في الختام الاستنتاجات التي توَّصل اليها من خلال بحثه وفق منهج التناص.

## پێشەکی:

زۆرێك لە رەخنەگرانی هاوچەرخ لەسەر ئەو رایە بوون کە دەرکەوتنی چەمکی دەقاوێزانو بەکارهێنانی لە گوتاری رەخنەییدا، دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری قوتابخانەی بونیادگەری کە کۆتوبەندی لەسەر رووبەری لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان دانابوو، هەروەها جەختی لەسەر دەقی ئەدەبی دەکردەوە، کە دەق بنیاتێکی زمانیەو لە خودی خۆیدا دروستبووەو داخراوەو خۆی راڤەی خۆی دەکاتو پێویستی بە دەرەوەی خۆی نیە.

بە هاتنی لێکۆڵینەوەکانی دوای بونیادگەریش لە ناویاندا رەخنەی هەڵوەشاندنەوە، ئاماژەی بەوەکرد، کە دەق بنیاتێکی خاوەن کەلێنو بۆشاییەو زەمینەشی خۆشکرد بۆ رەخنەگرانی تیۆری وەرگرتن لە ئەدەبو هونەردا، دواتر رەخنەگرانی دەقاوێزانیش ئەوەیان راگەیاند، کە دەق پێکهاتەیەکە لە دەقی ئامادەبووی لێرەولەوێ، خودی میتۆدەکەش دەچێتە خانەی تۆڕێك لە پەیوەندی دەقەکانو کردەیەکی راڤەیەو ماناکان لەناو پرۆسەی پەیوەندی دەقەکاندا دەدۆزێتەوە، تێگەیشتنی ماناش لە هەر دەقێکی ئەدەبیدا لەمیانەی پەیوەندیەکانەوە سەرهەڵدەدا.

هەموو ئەم میتۆدو لێکۆڵینەوانە بەتایبەتیش رەخنەگرانی چەمکی دەقاوێزان دژی زیادەڕۆییەکانی بونیادگەری بوونو بوارێکی فراوانیان دروستکرد لەبەردەم رەخنەی نوێدا، رایان وابوو کە هیچ دەقێك تایبەتمەندیو سنووری نیەو هەمیشە بەسەر دەقەکانی تردا کراوەتەوە.

ئەوەی تایبەت بێ بە رەخنەی رۆژئاواش، کە لەلایەن رەخنەگرانەوە ئاماژەی بە چەمکی دەقاوێزان کرابێ بەتایبەتی (شکلۆفسکیو میخایل باختین) بووە، بەڵام وەك زاراوەی دەقاوێزان، بۆ یەکەمجار لەلایەن (جولیا کریستیڤا)ەوە بەکارهاتووەو بڵاوبۆوەو بووە هۆی بنیاتنانی چەندین میتۆدی رەخنەیی کە گرنگترینیان بونیادگەریو سیمۆلۆژیو هەڵوەشاندنەوە بووە، بە جێگیربوونی زاراوەکەش بوو بە یەکێك لە میتۆدە رەخنەییەکان.

## هەڵبژاردنی بابەت:

بابەتی لێکۆڵینەوە لە دەقی چیرۆکە شیعری "دڵشاد مەریوانی" بەناوی "پیرەمەگرون سەر لە حوجرەکەی نالی دەدا" کە سروشتی دەق جیاوازەو پێکهاتەکەی شیعرو چیرۆکەو تێکەڵ بە یەکتری بوون، پێی دەوترێ "چیرۆکە شیعر" کە لە ئەدەبی نوێی کوردیدا بۆ سەردەمی روانگەو دوای روانگە دەگەڕێتەوە، هەر لەوسەردەمەدا شۆڕشێکی گەورەی فکریو کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا هێنا، وەك خاڵێکی جیاکەرەوەی سەردەم دەبینرێت.

## رێبازی لێکۆڵینەوەکە:

رێبازی لێکۆڵینەوە لە دەقی چیرۆکە شیعری دڵشاد مەریوانی بەناوی (پیرەمەگرون سەر لە حوجرەکەی نالی دەدا)، پەنا براوەتە بەر رەخنەی میتۆدی دەقاوێزان لەپێناو دەرخستنی رایەڵەی دەقاوێزانو

شیكردنەوەی زۆرێك لە برگەو یەكەكانی چیرۆكە شیعرییەكە لە رێگەی هونەری (گێڕانەوە) روونكراوەتەوەو تەكنیكی وەسفی لەخۆگرتووە.

## پێكهاتەی لێكۆڵینەوەكە:

لێكۆڵینەوەكە لە پێشەكیو دوو بەشو ئەنجامو لیستی سەرچاوەكان بە زمانی عەرەبیو ئینگلیزی پێكهاتووە،

بەشی یەكەم: دەقو زاراوەی دەقاوێزان، كە لەم بەشەدا ئاماژە بۆ سروشتی دەقو زاراوەی دەقاوێزانو شیعریەتی ناونیشانو خودی دەق دراوە.

لە بەشی دووەمدا: بەناوی شێوەكانی دەقاوێزان كە بریتین لە:

١) دەقاوێزانی هەڵمژین، ٢) دەقاوێزانی ئاماژەیی، ٣) دەقاوێزانی كەسایەتی،

ئەنجام: لە ئەنجامیشدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لێكۆڵەر پێیان گەیشتووە خراونەتە ڕوو، لەگەڵ لیستی سەرچاوەكان، كە لە داڕشتنی لێكۆڵینەوەكەدا سوودیان لێ بینراوە، هەروەها پوختەی لێكۆڵینەوەكە بە زمانی عەرەبیو ئینگلیزی.

## بەشی یەكەم: دەقو زاراوەی دەقاوێزان

### – سروشتی دەق

دەقی (پیرەمەگرون سەر لە حوجرەكەی نالی دەدا) كە دەقێكی نوێی (دڵشاد مەریوانی)ەو سروشتێكی جیاوازی هەیە لەگەڵ دەقە باوەكانی تردا، دەقێكە كاریگەری ژانرەكانی تری ئەدەبی بەسەرەوەیە، واتە خودی دەق گوزارشت لە ژانرەكانی تری ئەدەب دەكاتو سروشتی چیرۆكە شیعری لەخۆگرتووە، شیعرە بەڵام چۆتە قاڵبی چیرۆكەوە، بەومانایەی رەگەزی چیرۆكی تیایە، بەڵام شێوەیەكی رەهای چیرۆكی وەرنەگرتووە، رەگەزەكانی خۆی ماوەتەوەو رەگەزی چیرۆكی لە هەناودا حەشارداوە، پێی دەوترێت "چیرۆكە شیعر" كە تەكنیكی گێڕانەوەی لەخۆگرتووەو خۆی لە ئاستەكانی دیالۆگو وەسفو "زمان"دا دەبینێتەوە، چونكە "زمان" ئامرازێكە بۆ بەكارهێنانی تەكنیكەكانی چیرۆكەشیعر، بەم پێیە (شیعری چیرۆكئامێز بەشێوەیەكی دوورودرێژ چیرۆكەكە ناخاتە ڕوو هەندێ جار دەكرێ حاڵەتی لەمجۆرەشی تیابێ، وەك چۆن لە چیرۆكو رۆماندا باوە، بەڵكو ئاماژە بۆ رواڵەتو هەستیاری وێنە گشتیەكان دەكات بەوجۆرەی لەگەڵ داڕشتنی شیعریدا لەڕووی دەربڕینو پێكهاتەوە گونجاوە، بەڵام كەشوهەوای گێڕانەوە بە زەقی تیا زاڵە، بەتایبەتی ئەوكاتەی شاعیر دەبێتە گێڕەوەی چیرۆكەكەو لەچەند لایەكەوە دەیگێڕێتەوەو لەپێناو سەركەوتنی وەبەرهێنانەكەیدا پەنا بۆ هەموو كەرەستەكانی دەبات لەهەمان كاتدا پارێزگاری لە رەگەزە شیعریەكانی زمانو وێنەو هارمۆنی دەكات)[1].

سەردەمی مێژوویی دەقیش بۆ ١٩٨٥/٩/١٦ دەگەڕێتەوە كە لە یادی دووسەد ساڵەی دامەزراندنی شاری سلێمانی پێشكەشكردووە، ئەو سەردەمەی كە چیرۆكە شیعریەكەی تیا بەرهەمهێناوە، دوای بزوتنەوەی روانگە بووە، كە لە مانگی ٤ی ساڵی ١٩٧٠ لەلایەن كۆمەڵێك شاعیرو چیرۆكنووسی گەنجەوە

دەرچووە، بەتایبەتی (شێرکۆ بێکەس، چیرۆکنووس حسین عارف، چیرۆکنووس کاکە مەم بۆتانی، شاعیر جەمال شارباژێڕی و جەلالی میرزا کەریم) [٢].

دوای روانگە بەتایبەتی ساڵانی هەشتاکان، شیعر زیاتر زەمینەیەکی نوێتری بەخۆوە بینی، کەرەستەی هونەریی نوێی بەخشیە شیعر، مۆرکێکی سەردەمیانەی گرتەخۆ، ئەویش ژانری (چیرۆکەشیعر) بووە، هەروەك لە دەقە شیعریەکەی (دڵشاد مەریوانی)دا بەدیدەکرێت یەکێك بووە لەو شاعیرانەی پەیڕەوی ئەمجۆرە شیعرەی کردووە، بۆیە لەم چیرۆکە شیعریەی (دڵشاد مەریوانی)دا رەگەزی چیرۆکی تیا بەدیدەکرێت، بەتایبەتی رەگەزی (گێڕانەوە) کە دوو بنەمای سەرەکی هەیە [٣].

یەکەمیان: چیرۆکی تیایەو رووداوی دیاریکراوی لەخۆگرتووە.

دووەمیان: رێبازێك دیاریدەکات بۆ گێڕانەوەی چیرۆکەکە، پێی دەوترێت "گێڕانەوە".

بەم پێیە هەموو جۆرە (گێڕانەوەیەك زارەکی یان نووسراو، رووداوی راستەقینە یان میپولوجی تۆماردەکاتو چیرۆکێك دەگێڕێتەوە، یان زنجیرەیەکی سادەی رووداوەکان لە زەمەنێکی دیاریکراودا دەگێڕێتەوە. گریمان پێشەکی (بەلانی کەمەوە) تەنها گێڕەوەیەك نیە، بەڵکو دووبارە پێویستی بە (بۆ گێڕەوە)یەکیش هەیە (Naratee)، هەروەها بۆ (بۆ گێڕەوە)ش کەسێك کە (گێڕەوە)یە گوتارەکەی ئاراستە دەکات) [٤].

بۆ روونکردنەوەی پرۆسەکە ئەم هێڵکارییەی خوارەوە دەخەینە روو:

( ← گێڕەوە ← گێڕدراو بۆ گێڕەوە ) [٥]

کە پرۆسەی گێڕانەوەکە پێویستی بەو سێ رەگەزە سەرەکیە هەیە.

## – زاراوەی دەقاوێزان

گەشەی زاراوەکە لەڕووی دامەزراندنیەوە، بۆ هەریەك لە (میخایل باختین) و (جولیا کریستیڤا) دەگەڕێتەوە، چونکە (باختین تیۆری دیالۆگی (الحواریە) دامەزراندو، بوو بە پێشەکیەکی بنەڕەتیو ریشەیی بۆ چەمکی دەقاوێزان) [٦] دواتریش لەسەر دەستی "کریستیڤا" گەشەی کردو دەرکەوت بەتایبەتی کاتی نووسینی توێژینەوەکانی لەنێوان ساڵانی ١٩٦٦–١٩٦٧ کە لەلایەن هەردوو گۆڤاری (تیل کیل (Tel-quel) و کریتیك (critiquel) بڵاوکراونەوە) [٧] ، کە بە خێراییەکی بەرچاو بڵاوبوونەوەو قوتابخانەکانی هەڵوەشاندنەوەو بونیادگەریو سیمولوژیو شێوازگەری بەکاریان هێنا.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرەتا ئاماژە دەدرێت بە "شکولوفسکی" کە لەڕووی فکری دەقاوێزانەوە یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی قوتابخانەی شێوازگەری، کاتێ وتویەتی (کاری هونەریی پەیوەستیو پەیوەندی هەیە لەگەڵ کارە هونەریەکانی تردا، پاڵپشت بەو پەیوەندیانەی کە هەڵدەسەنگێندرێن لەنێوانیاندا) [٨].

"کریستیڤا" ئەوە دەردەخات کە هەموو دەقێك بەیەکداچوونی دەقەکانی ترەو بێ بەش نیە لێی، بەمجۆرە (هەموو دەقێك بریتیە لە تابلۆیەکی کریستاڵی لە وەرگرتنەکاندا، هەروەها هەموو دەقێکیش هەڵمژین و گۆڕینی دەقەکانی ترە) (٩).

لەڕووی زاراوەکەشەوە، (زاراوەیەکی فەرەنسیە کە (intertext)ەو وشەی (inter) لە فەرەنسیدا بەمانای گۆڕینەوە دێت و وشەی (Texte) بەمانای دەق دێت، لە کردارێکی لاتینیەوە وەرگیراوە، کە بەمانای (Textere) چنین دێت و ماناکەی بووە بە (intertexte) واتە گۆڕینەوەی دەقەکان) (١٠).

هەروەها لای (باختین)یش، وشەی دیالۆگ (الحواریە) بەکارهاتووە، کە دەڵێت (هەموو گوتارێك بەمەبەست یان بێ مەبەست دیالۆگی هەیە لەگەڵ گوتارەکانی پێشوودا، کە لەگەڵ خودی بابەتەکەدا هاوبەشیدەکات) (١١).واتە ئەم زاراوەیە بۆ دەلالەتی (پەیوەندی نێوان دەربڕینەکان بەکاردێت یاخود دەربڕینێك بۆ دەربڕینێکی تر، کە زاراوەی (dialogism)) (١٢).

## – شیعریەتی ناونیشان

رەخنەگران سەبارەت بە شیعریەت جیاوازیان هەیە لەگەڵ یەکتریدا، زیاتریش شیعریەتی ناونیشان، سەرەتا بۆئەوەی روون بێت شیعریەت چیە، بەتایبەتیش شیعریەتی ناونیشان تا بتوانین چۆن حوکم بەسەر شیعریەت و ناشیعریەتدا بدەین.

هەندێ لە رەخنەگران وایدەبینن کە شیعریەت (poeitics) سفەیەکە توانای بەئاگا هێنانەوەی هەستی جوان و سەرسوڕمان و خولقاندنی هەستکردنە بە جیاوازی یان روودانی مەودای بۆشاییی و لادانە لە حاڵەتی ئاسایی) (١٣).

(شیعریەت تیۆرێکی گشتگیرەو پێگەی ئەدەب بەگشتی دیاریدەکات چ پەخشان یان شیعر بەپێی یاسای تایبەت، کە لە خودی ئەدەبەوە دەردەچێت و ئامانجی دامەزراندنی پێگەیەتی) (١٤) هەربۆیەش زۆرێك لە رەخنەگران رایان وایە، کە ناونیشانی شیعریەت، شیعریەتەو هاوتەریبی دەقە، چونکە ناونیشان دەورێکی گرنگ دەبینێ لەپێناو بەرجەستەکردنی شیعریەتی دەق و باڵ دەکێشێ بەسەر گشت دەقدا، وەك دیاردەیەك مانا دەگەیەنێ و سەرنجی خوێنەر بەلای خۆیدا رادەکێشێ.

بۆ روونکردنەوە زیاتر سەرنج دەدەینە ئەم هێڵکاریەی خوارەوە: (١٥)

دەق ← خوێنەر

بۆ

← ناونیشان خوێنەر

بۆ ئەوەی (دەق)یش رەتنەکرێتەوە، هێڵکاریەکە بەمجۆرەیە:

← ناونیشان خوێنەر

↑↓

دەق

لەم حاڵەتەدا، دەق ئاماژەیەکە بۆ ناونیشان، وەك ئاوێنەیەك وایە بۆ رەنگدانەوەی دەق، واتە ناونیشان ئەڵقەیەکی پەیوەندیە لەنێوان خوێنەرو دەقدا، یاخود پردێکی پەیوەندیە بۆ خوێنەر، لێرەوە گرنگی ناونیشان بۆ خوێنەر دەردەکەوێتو هۆکارێکە بۆ چوونە ناو دەق، کە زۆرجار پەیوەندی نێوان ناونیشانو دەق پەیوەندیەکی پراگماتیکیە (زۆرجار ناونیشان لە بازنەی لۆژیك تێدەپەڕێو دەچێتە بازنەی شیعریەتەوە، داهێنانیش روونیو پاکی ناشێوێنێ، چونکە ناونیشان بەئاسانی دەبێتە بەشێك لە خودی کاری شیعریی) [١٦] بەمجۆرە ناونیشان پێگەیەکی مەزنی هەیە لە جۆرەکانی گوتاردا، وەك ئەوە وایە مامەڵە لەگەڵ دەقدا بکەیت، یاخود دانانی ناونیشان شتێك نیە لەخۆیەوە هاتبێ لەبەرئەوەی زۆر لە دەقەکان هەڵگری ناونیشانێکن، کە زۆرشت لە ناوەرۆکدا مەبەستیەتی، هەر لە بونیادی (پیت)ەوە تا دەگاتە وشەو جۆرەکانی رستە، شاعیر وەك ناونیشان ئاماژەیان پێدەکات.

ئەوەی کە مەبەستمانە لەم بەشەدا، ناونیشانی دەقی (چیرۆکە شیعر)ی (پیرەمەگرون سەر لە حوجرەکەی نالی دەدا) [١٧] ی دڵشاد مەریوانی، یەکێکە لەو دەقانەی زۆرێك لە تواناکانی شاعیری تیا دەبینرێ، ناونیشانی ئەم دەقە بە رستەیەك دەستپێدەکات، کە بۆ یادی دووسەد ساڵەی دامەزراندنی شاری سلێمانی لە رۆژی ١٩٨٥/٩/١٦ دایناوەو پێشکەشیکردووە.

بونیادی ناونیشانەکە، رستەیەکەو لەڕووی رۆنانەوە لە یاساکانی زمان دەرنەچووە، بەڵام لەڕووی (واتا)وە حاڵەتێکی نالۆژیکی خولقاندووە، سیما واتاییەکانی دەرخەرو دەرخراو یەکناگرنەوەو نەگونجانی تیایە لەم حاڵەتەدا شیعریەتی خولقاندووەو لادانی واتایی تیایە، لە شیکردنەوەدا مەبەستی شاراوەی هەڵگرتووەو وێنایەکی تایبەت دەداتە خوێنەر دەلالەت لە شوێنی زاناو روناکبیران دەکاتو ئەرکی هاندەری دەبینێ، واتە (ئارەزووی خوێنەر دەجولێنێ یان وەك بارت (Barthres) دەڵێت چێژ بەخشی خوێنەرە) [١٨] خوێنەر دەخاتە بەردەم دیدو تێڕامان بۆ دۆزینەوەی شاراوەکانی دەق.

شاعیر لەپێناو بەدیهێنانی ناونیشانی دەق، گەڕاوەتەوە سەر دەقە شیعریەکەی (نالی) بەناوی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مرور) [١٩] لەناو خودی دەقەکەشدا سوودی لە وشەی (حوجرەکەم) وەرگرتووەو دەقاوێزانی پێ ئەنجامداوە هەروەك لە بەیتی (٣٨)دا هاتووەو نالی دەڵێت:

واصیل بکە عەبیری سەلامم بە حوجرەکەم

چیی ماوە، چیی نەماوە، لە هەیوان و تاق و ژوور،

بەمجۆرە (دڵشاد مەریوانی) ناونیشانی دەقە شیعریەکەی بەناوی (پیرەمەگرون سەر لە حوجرەکەی نالی دەدا) زیاتر بەهۆی وشەی (حوجرەکەم) جۆرێك دەقاوێزانی لە ناونیشاندا رەخساندووەو دەلالەتی فرەیی واتای پێداوە، واتە لە خودی ناونیشانەکەدا لادانی واتایی دروستکردووە، بۆیە ناونیشان، رەنگدانەوەی گشتی دەقە، واتە (ناونیشان سوودمان پێدەگەیەنێ لە هەڵوەشاندنەوەی دەقو تێگەیشتنی زیادمان دەداتێ لە شاراوەکانی دەق، کە دەبێتە تەوەرێك بۆ بەرهەمهێنانو دیاریکردنی پێناسەی دەق) [٢٠].

– خودی دەقی چیرۆکە شیعریەکە

"پیرەمەگرون سەر لە حوجرەکەی نالی دەدا"

(دڵشاد مەریوانی)

بۆ یادی دووسەدساڵەی

دامەزراندنی شاری سلێمانی

پێشکێش ١٩٨٥/٩/١٦

خەوبوو، شەوبوو

دواشەوی مانگی ڕەشەمێ، سبەینێکی ساڵی نەوبوو

گەواڵە هەورێکی شینی ژەنگار

تیشکی خۆر کەنارەکانی سوورکردبوو، وەکو زوننار

لە پیرەمەگرونی سەختی بزنە ڕێبوار

خۆی کرد بەناو سلێمانی، ئەوینو یاخیو قوربانی

بە "مەڵکەنی"دا تێپەڕیو سەرێکی لە پیرمەسوور دا

ئینجا گەییە بەر خانەقا

لە جێگەی حوجرەکەی نالی، ناڵەی ژانێکی لێ هەڵسا

دووسەد شمشێری چەخماخەی لە زەوی دا

ئینجا لە جێی خۆی دانەویی

تەمومژی لە دەور وەری

ئەسپێکی کلك کلافەی قەترانی بوو

سوارەکەی وەك خەنجەرێکی مشتوو زیوین لەسەر زینەکەی چەقی بوو
پیرێك نوورانی کەڵەگەت، پێست جوان بوو
سەرووپێچی ڕیشووداری، دەنگی بلوێری شوانان بوو
رانكو چۆغەی بۆ —ی نێرگزی بەهاران بوو
پشتێنەکەی سیاچەمانە
پووزەوانەکەی هاژەی چەم
کڵاشەکەی بەهاژەو بەم
پرسی، کورینە پێم بڵێن، عاشقێکی خاكوخۆڵ
پاش ساڵەها ساڵ نامۆیی
هاتۆتەوە سلێمانی؟
ئەو عەشقەی دەگەڕا بۆ ........ ئاسوودەیی هەژاران
دەگەڕا بۆ .......... نیشتمانی غەریبان
دەگەڕا بۆ ....... کۆچی ناچاری پرژانی بلیمەتان
دەگەڕا بۆ عیشقو نان
دەگەڕا بۆ مەحبوبانی بەجێماوی پایزان
دەگەڕا بۆ ......... نەفسبەرزی شاعیران
دەگەڕا بۆ....... شارەستانیبوونی کوردستان
پیرە بەردەوام بوو..... وتی
کورگەل ئەمشەو، یەکەم شەوی بەهارەو
ئەو حەزرەتە دوورە شارە
دەگەڕێ بۆ حەبیبەو چارەنووسی ئەم هەوارە
دەگەڕێ بۆ ئەو ڕێبوارەی دڵی پڕ سەوداو جەغارە
کە جلیپای ژانی نەتەوەیەکی لە کۆڵەو بەتەنیا خۆی کۆڵبارە
تەنیا خۆی بۆ: یاری.... یارەو بۆنەیاری ..... نەیارە
لە دوو فاقێتی وەرسەو لە پرۆتۆکۆڵ بێزارە

*　　*　　*

پیرەی سەرئەسپی قەترانی
بە (خەمناکی) لەو گەنجە بۆشناخەی روانی
پاشان وتی:
بڕوانە خەلق و ئەشعاری بە دیقەت
بڕوانە ئەو خاكوخۆڵەی ئەو حەزرەتەی تیا هەڵکەوت

ئەوەی دەستت کەوتو توانیت
بیکە بە توێشوو بۆ نەفامیت
چاوم لێیە، خۆیەتی وابەڕێوەیە
وچان نادا نەکەوتووەو
ناکەوێ هەروەکو چیا
بەپێوەیە دەیان ساڵە لە دەرگای کوردستان دەدا
بەڵام ئێوە وەکو کێوی، یەکتان لەویترتان دەدا
یەکتان ئەویترتان دەخوا
لەبەر هاژەو هوژەی خۆتان
لەبەر هاژەی خوێنی رژاوی بێوچان
ناتانپەرژێتە سەر حەزرەت
ناتانپەرژێتە سەر دەرگاو لە دەرگاوان
لەبەر ئەژدەهاکی ڕكو کینەو بوغزی خۆتان
لەبەر تۆڵەی عەشرەتگەریو کورسیو گیرفان
ناتانپەرژێتە بەرژەوەندی، نە — نەوەی کورد، نە کوردستان
نە ئاسوودەگیو رزگاری ئینسان لەدەست زەبری ئینسان
(نالی) لە ئێوە زویرە
نەك هەر زویرە، ! وەها تووڕەو شێتگیرە
دەرگای لە خۆی داخستووە
چاوەنواڕی هوشیاربوونەوەی نووستووە
چاوەنواڕی هەستانەوەی پێشێل بووە
چاوەنواڕی هەڵگرتنەوەی ئاو رووە
دەنا ئێوە چەند خوێڕیو رەدووکەوتوو و ناهەموارین
چەند بەرتیل خۆرو دزو بۆ پاسی خوێڕیان
هەوشارین  چەند هەڵوێست فرۆشو فیتنەو ملشکێن و
خیانەتکارین  چەندە کێویو کێوی کێوی ناهوشیارین
دڵنیابن رۆژێك دادێ..... ئەم نیشتمانە شیرینە
شاری پیشەسازی دەکرێ
گڵاوکەری پێشێل دەکرێ
ئەم گەلە یەکدەگرێتەوە
ئەم خاکە دەبوژێتەوە
نالی هەر دەگەڕێتەوە

نالی هەر دەگەڕێتەوە
نالی هەر دەگەڕێتەوە....

١٩٨٥/٩/١٦

کۆبەرهەم — دڵشاد مەریوانی

## بەشی دووەم: دەقاوێزان و شێوەکانی

### ١- دەقاوێزانی هەڵمژین

هەڵمژین قۆناغێکی باڵای خوێندنەوەی دەقی نائامادەیە، یاسایەکە لەسەر بنەمای گرنگی‌و پیرۆزی ئەو دەقەو مامەڵەیەکی دینامیکی لەگەڵدا دەکات، ئەسڵ ڕەتناکاتەوە، بەڵکو بەشداری بە بەردەوامبوونی کرۆکی دەق‌و نوێبوونەوەی دەکات، (بەومانایەیە هەڵمژین دەقی نائامادە ناسڕێتەوەو بەپێی پێویستی مێژوویی سیاغەی دەکاتەوە، بەمجۆرە دەقی نائامادە بەردەوام دەبێ‌و ناسڕێتەوە بەڵکو زیندووی دەکاتەوە) [٢١] واتە شاعیر پەنا بۆ فکرەو ناوەرۆکی دەقی پێشوو دەبات یاخود بەمانایەکی تر ناوەرۆکی دەقی پێشوو نوێدەکاتەوە، بەبێ ئەوەی لە دەقی نوێدا (ئامادە) هیچ ئاماژەیەکی واژەیی بەشێوەیەکی روون‌و ئاشکرا هەبێت، تەنها لەڕێگەی (هەڵمژین‌و گۆڕین)وەیە، ئەمجۆرە دەقاوێزانە لای دڵشاد مەریوانی پرۆسەیەکی هەڵمژینی دەقی پێشووە بەبێ هیچ یاساو دیسپلینێك. نمونەشی لەم کۆپلەیەدا بەدیدەکرێت.

خەو بوو، شەو بوو
دواشەوی مانگی ڕەشەمێ، سبەینێکی ساڵی نەو
گەواڵە هەورێکی شینی ژەنگال
لە پیرەمەگرونی سەختی بزنە ڕێبوار
بە گوڕو تاو، بەرەو بنار، دەخرایە خوار
خۆی کرد بەناو سلێمانی، ئەوین، یاخی، قوربانی

یەکێك لەو تەکنیکانەی کە سفەتی (چیرۆکە شیعر)ی پێداوە تەکنیکی گێڕانەوەیە، خودی دەقەکە گێڕەوەیەکی هەیە چونکە ئەڵێ:

خەو بوو، شەو بوو
دوا شەوی مانگی رەشەمێ، سبەینێکی ساڵی نەو

واتە چەند رووداوێك دەگێڕێتەوە، کە لە زەمەنێکی رابردوودا روویانداوەو تێکەڵ بە زەمەنی ئێستای کردووە، هەر لە سەرەتای دەقەوە دەقاوێزانی کردووەو پەنای بردووە بۆ هەڵمژینی فکرەو کرۆکی دەقێکی تر یان دەقی نائامادە، کە دەقی پێشووەو ئەویش چیرۆکی (لەخەوما)ی جەمیل صائب، کە خودی دەقەکە بەم شێوەیە دەستپێدەکات دەڵێت:

(شەوێك لەخەوما وا لە دنیا گیرم خواردووە) [٢٢] خودی چیرۆکی نائامادە (لەخەوما) باس لە ڕووداوەکانی سەردەمی "شێخ محمود" دەکاتو ساڵانی سەردەمی دەسەڵاتی مەلیك محمود شیدەکاتەوە، کە (دووجار حوکمی سلێمانی کردووە، یەکەمجار لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٩ وە تاکو مانگی حوزەیرانی ١٩١٩، دووەمجار لە ئاخرو ئۆخری ساڵی ١٩٢٢ەوە تاکو مانگی تەمموزی ١٩٢٤ کە هێزی ئینگلیز سلێمانی داگیرکرد) [٢٣].

بەهەمان شێوە دەقەکەی (دڵشاد مەریوانی)یش کۆمەڵێ ڕووداوی گرنگ لەخۆدەگرێت لەسەر شاری سلێمانیو گێڕەوە، لەناو چیرۆکە شیعریەکەدا شتەکانو ڕووداوەکان دەخاتە ڕوو بەبێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەکی ئاشکرا هەبێ لە دەقی نوێدا. شاعیر هەوڵیداوە لەڕێگەی دەقاوێزانی (هەڵمژین)ەوە هاوبەشی ئەو چیرۆکەی جەمیل صائب بکات، واتە دەقەکەی دڵشاد مەریوانی بوونی هەیە لە دەقێکی تردا یان لە دەقی نائامادەدا هەروەك "جیرار جینیت" ڕایگەیاندووە (دەق بوونی لە دەقێکی تردا هەیە) [٢٤] ، بەم پێیە پەیوەندییەکی نهێنی هەیە لە کرۆکی هەردوو دەقداو یەکدەگرنەوە ئەویش وشەی (خەوبوو) ئەو نهێنیە ئاشکرا دەکاتو دەچێتە خانەی "دەقاوێزانی هەڵمژین"ەوە، واتە بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ دەقی نائامادە کردووەو جووڵەیەکی تایبەتی پێ بەخشیوەو جۆرێك لە نوێبوونەوەی دەقی پێشوو ڕادەگەیەنێ، کە بە قۆناغێکی باڵا دادەنرێ لە خوێندنەوەی دەقداو خوێنەریش ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ تیایدا لەهەمان کاتیشدا زیندووبوونەوەی دەقی کۆنە.

دواتر دەقی نوێ یان دەقی ئامادە لە زمان (گێڕەوە)وە ڕایدەگەیەنێو دەڵێت:

(دواشەوی مانگی ڕەشەمێ، سبەینێکی ساڵی نەوبوو)

بەبێ ئەوەی لەسەر ئاستی ئامادەیی دەق یان دەقی نوێ هیچ ئاماژەیەکی (نەورۆز) دیاربێ لەڕووی واژەوە، بەڵام شاعیر لە کرۆكو جەوهەردا، ئەو دێڕە شیعرە، وەك تابلۆیەکی کریستاڵی کۆمەڵێك دەلالەتی لەخۆگرتووە، بەپێی یاسای دەقاوێزانی هەڵمژین ئاماژەیەکە بۆ مانگێکی نوێی ساڵی تازە کە (مانگی نەورۆزە)و سەرەتایەکی نوێو دەورکەوتنی وەرزی بەهارە، لێرەوە گێڕەوە ڕووداوەکانی سەرەتای ئەو مانگە دەگێڕێتەوە، کە باس لە (گەواڵە هەورێکی شینی ژەنگال)و لە (پیرەمەگرونی سەختی بزنە ڕێبوار)، (بە گوڕوتاو) بەرەو سلێمانی دەخزێنەخوار.

– گێڕەوە، جۆری گێڕانەوەکەی بابەتیە، چونکە لە (دیسپلینی گێڕەوەی بابەتیدا، نووسەر ئاگاداری هەموو شتەکانە تا دەگاتە فکرەی نهێنی کەسێتیەکان) [٢٥] ، هەربۆیەش گێڕەوە خۆی ڕووداوەکان هەڵدەبژێرێتو شییاندەکاتەوە، واتە سەربەستیەکی تەواوی هەیە لە پیشاندانی ڕووداوو کارەساتەکان، بەم پێیە گێڕەوەیەکی هەموو شتزانە.

لەم کۆپلە شیعریەی (دڵشاد مەریوانی)دا پێویستمان بەجۆرێك لە کردەی زهنی هەیە تا خوێنەر دەقی نائامادە بدۆزێتەوە چونکە لە دەقی ئامادەدا، واتە دەقەکەی دڵشاد مەریوانی هیچ وشەیەك یان فریزێکی دەقی نائامادەی وەرنەگرتووە، بەڵکو لەئەنجامی بەیەکداچوونو هەڵمژینەوە دەقی ئامادە بەرهەمهاتووە، هەروەك دەڵێت:

کەڵەپیاوان لە —قەزەم— ئەکەن

ئیمام دۆستی شەیتانەو بێ دین لە مزگەوتایە

ئیسك لەبەردەمی ئەسپەو —کا— لەبەردەمی سەگدایە

تەشتە هەویر لای قەسابەو کۆتو چەقۆیش

لەبەردەمی نانەوایە

مەبەستی شاعیر لەم دەقەدا پیشاندانی جۆرێك لە ناعەدالەتیو نایەکسانییە لەناو خەڵکدا، چونکە پەندە کوردییەکانی بەهەڵگەڕاوەیی پیشانداوەو سەردەمەکەش بەپێچەوانەی عەدالەتییەوەیە، واتە شاعیر کرۆكو جەوهەری دەقەکەی (نالی) وەرگرتووە کە عەدالەتو یەکسانیەو (دەقاوێزانی هەڵمژین)ی تیا ئەنجامداوە، کە لە سەردەمی شاعیردا ئەو عەدالەتو یەکسانیەی سەردەمی (نالی) نەبووە، واتە کرۆك گرنگەو سوودمەند بووە لێی هەروەك چۆن (نالی)یش لە وەسفی سلێمانیدا دەڵێت:

شارێکە عەدلو گەرمە، لەجێگێکە خۆشو نەرم

بۆ دەفعی چاوەزارە، دەڵێن شاری شارەزوور.. (٢٦)

مەبەستی (نالی) ئەوە دەگەیەنێ کە سلێمانی شارێکی دادپەروەرە، یاخود شارێکی تەختو گەرمەو لە شوێنێکی خۆشو نەرمدا دروستکراوە، کەپێی دەڵێن شاری شارەزوور، بۆیە پێی دەڵێت شاری شارەزوورو ناوە ئەسڵیەکەی خۆی نەهێناوە لەبەر چاوەزارو چاوپیسی پێی وتووە (شارەزوور)، ئەمە کرۆکی ئەو ناوەڕۆکەیە کە شاعیری نوێ (دڵشاد مەریوانی) بەبێ هیچ وشەو ڕستەیەك لێی سوودمەندبوو، بەڵام سوودی لە کرۆكو جەوهەر وەرگرتووە بۆ عەدالەتیو یەکسانی ئەوەی گرنگ بێ بۆ شاعیر دۆخی ئەوکاتەی سلێمانی نەك عەدالەتە بەڵکو ناعەدالەتیو نایەکسانی تیایەو هەربۆیەش پەندەکانی بە هەڵگەڕاوەیی خستۆتەڕوو. ئەمجۆرە خوێندنەوەیە بە قۆناغێکی باڵا ناودەبرێت لە دەقاوێزانی هەڵمژیندا.

## ٢- دەقاوێزانی ئاماژەیی

بریتیە لەوەی کە (شاعیر دەقێك ئامادە دەکات، جا ئەگەر ئەو دەقە جۆرو سەرچاوەکەی قەسیدەیەکی شیعریی یان دەقێکی پەخشان یاخود دەقێکی میللیو سۆفیگەری بێ، ئەویش لە ڕێگای ئاماژەیەکی چڕەوە شوێنی ئەو دەقانە بگرێتەوە) (٢٧). ئەمجۆرە دەقاوێزانە لە ڕێگای ئاماژەوە پێکدێت لەسەر بنەمای وشەیەك یان دوو وشە لە دەقی داهاتوودا تایبەتمەندیەکەشی چڕبوونەوەو کورتبڕیو وردەکاریە، کە کاریگەری لەسەر خوێنەر دروستدەکات.

لە بەشی یەکەمی دەقی چیرۆکە شیعریەکەی دڵشاد مەریوانی، ئاماژە بە چەند شوێنو گەڕەکێك لە سلێمانی ئەداو لە زمان (گێڕەوە)وە دەڵێت:

خۆی کرد بەناو سلێمانی، ئەوین، یاخی، قوربانی

بە مەڵکەنیدا تێپەڕیو سەرێکی لە پیرمەسوور دا

ئینجا گەییە بەر خانەقا

لە جێگەی حوجرەکەی "نالی" ناڵەی ژانێکی لێ هەڵسا

دووسەد شمشێری چەخماخەی لە زەوی دا

ئینجا له جێی خۆی دانەویی

تەمومژ لە دەوری وەری

واتە لە زمان (گێڕەوە)وە کۆمەڵێك وتەو دەربڕینو پەندی خستۆتە ڕوو، بنیاتی دەقەکەی لەسەر بنیاتناوەو پەیوەستبوونێکی لۆژیکی لەگەڵ شوێنو ڕووداوەکاندا هەیە، هەروەك لە بەشی یەکەمی چیرۆکە شیعریەکەدا، گەڕەكو شوێنەکانی سلێمانی وەك هێمایەك هاتوونە ناو دەقی ئامادەوە، لە سەرەتاشدا بە وشەی (سلێمانی) چۆتە ناو خانەی دەقاوێزانی ئاماژەییەوەو دەڵێت:

"خۆی کرد بەناو سلێمانی، ئەوین، یاخی، قوربانی"

بێجگە لەوەی کە دەقی ئامادە دەقاوێزانی ڕاگەیاندووە بەهۆی ڕایەڵەکانەوەو لە وشەی (سلێمانی)دا یەکدەگرنەوە، لەلایەکی تریش چۆنیەتی ڕوونکردنەوەی ڕووی لێکچووی ڕووداوەکانەو گێڕەوە بەهۆی ("وێنەی گێڕانەوە"وە کە حاڵەتی جولاو پیشاندەداتو وەسفەکەش لەپێناو کردارەکەدایە) (٢٨) و "گەواڵە هەورێك" دەکاتە دەسپێكو لە پیرەمەگرونەوە بە ئاراستەی سلێمانی دەکشێ، دەقاوێزانە ئاماژەییەکە لەسەر دەقەکەی (نالی)یەو لەلای ئەو (بای تیژڕەو) هەڵدەبژێرێو ڕایدەسپێرێو ئاراستەی سلێمانی دەکاتو دەڵێت:

داخل نەبی بە عەنبەری سارایی (خاك و خۆڵ)

هەتا نەکەی بە خاکی (سولەیمانی)یا عوبوور... (٢٩)

مەبەست لە دەقاوێزانەکە (سلێمانیە) کە بەناوبانگترین شارەکانی کوردستانە، ئیبراهیم پاشای بابان لەساڵی ١٧٨٤ دروستیکردووەو پێتەختی میرنشینی بابان لە (قەڵاچوالان)ەوە بۆ گواستۆتەوە، بەم پێیە وشەی (سلێمانی) لە دەقی دڵشاد مەریوانی دا بۆتە هۆی پێکهێنانی دەقاوێزانو پەیوەندی ئاماژەیی لەگەڵ دەقەکەی (نالی)دا لەبەر گرنگیو پێگەی ئەم شارەیە، هەروەها ئەوەشمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە جۆرێك لە لێکچوونو نزیکبوونەوە هەیە، کاتێ (گێڕەوە) لای هەردوو شاعیر (شوێن) دیاریدەکەنو گەڕەكو شوێنەکانی (سلێمانی) بەسەردەکەنەوەو چۆنیەتی ڕووداوەکان پیشاندەدەن، کە ئەبنە خاڵی پەیوەندی دەقاوێزان لە هەردوو دەقی ئامادەو نائامادەدا. هەربۆیەش گێڕەوەی دەقی ئامادە لە وێنەیەکی گێڕانەوەییدا دەڵێت:

" بە مەڵکەنی دا تێپەڕی و سەرێکی لە پیرەمەسوور دا"

کە زیاتر مەبەستی "گەواڵە هەورە"و هۆی ڕوودانی ڕووداوەکانەو شوێنەکان بەسەردەکاتەوەو بەهۆی وشەی (پیرەمەسوور)ەوە لە لە پەیوەندیدایە لەگەڵ دەقەکەی (نالی)و دەقاوێزان ڕادەگەیەنێ، کە (نالی)یش دەڵێت:

داخۆ دەروونی شەق نەبووە (پردی سەرشەقام)

پیرو فوتادە تەن نەبووە (داری پیرەمەسوور)... (٣٠)

ئامانجی دەقاوێزانی ئاماژەیی (داری پیرەمەسوور) کە پیاوچاکێك بووە، شەخسەکەی لە داوێنی گەڕەکی مەڵکەندیەوەیە، ئێستا بەو دەوروبەرە دەڵێن گەڕەکی پیرەمەسوور، کە ڕاسپێری دەقەکەی (نالی)یش (بای تیژڕەو)ە بۆ بەسەرکردنەوەی بارودۆخی شەخسی پیرەمەسوور، بەمجۆرە مەبەستی هەردوو شاعیر پەیوەندیان لەگەڵ وشەی (پیرەمەسوور)دایەو دەیانەوێت نهێنیەکانی شەخسی پیرەمەسوور بخەنە ڕوو لە هەردوو سەردەمەکەدا.

دوای ئاماژەدان بە (داری پیرمەسوور) گێڕەوە بەمەبەستی دەرخستن‌و روونکردنەوەی شوێنەکان، پەنا دەباتە بەر شوێنێکی تری پیرۆزی شار، کە هێمای خواناسی‌و مەعریفە بووە هەروەك لە دەقی ئامادەدا هاتووەو دەڵێت:

"ئینجا گەییە بەرخانەقا"

پەیوەندیەکانی ئەم دەقە بەهۆی وشەی "خانەقا"وە دەقی ئامادەی تێپەڕاندووەو دەقاوێزانی ئاماژەیی لەگەڵ دەقی نائامادەی (نالی)دا سازداوە کە دەڵێت:

سەیرێکی خۆش لە چیمەنی ناو "خانەقا" بکە

ئایا رەبیعی ئاهووە، یا چایری ستوور... (٣١)

زیاتر مەبەستی خانەقای مەولانای نەقشبەندیە لە گەڕەکی دەرگەزێن کە مەحمود پاشای بابان دروستیکردووە، لە خانەقاشا زیاتر (حوجرەکەی) کە ژوورەکەی (نالی)یە.

نالی گومانی هەیە لە شتەکانی ناو "خانەقا"و دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی دیکارت، کە دەیەوێت بەدواداچوون بکات بۆ دۆزینەوەی راستیەکان، کەواتە گومانکردن حاڵەتێکی ژیریە بۆ دۆزینەوەی راستیەکان، چونکە "خانەقا" لە بناغەدا شوێنی سۆفیگەری بووە.

بۆیەش "دڵشاد مەریوانی" بەهۆی وشەی "خانەقا"وە دەقاوێزانی ئاماژەیی لەگەڵ دەقەکەی (نالی)دا راگەیاندووەو دەیەوێت بە دەلالەتێکی نوێتر، هەمان مەعریفەو زانست زیندوو بکاتەوە.

گێڕەوە هەموو ئەمانە وەك هێمایەك پیشاندەدات، کە (هەموو ئاماژەیەك و نیشانەیەکی هەستپێکراو، شتێکی نائامادەمان دێنێتەوە یاد، لێکۆڵەرەوە دەروونییەکانیش وایدەبینن کە ئەرکی (هێما) گەیاندنی چەمکە بۆ ویژدان بە شێوازی تایبەت) (٣٢).

گێڕەوە زیاتر پانتایی وەسفەکانی فراوان دەکا، هەروەك لە دەقی ئامادەدا، زیاتر جەخت لەسەر رووی تۆبۆگرافی (خاك‌وخۆڵ) دەکاتەوەو دەیەوێت وردەکاریەکانی ئاشکرا بکات‌و لە دەقی ئامادەدا دەڵێت:

پرسی کوڕینە پێم بڵێن عاشقێکی (خاك‌وخۆڵ)

پاش ساڵەها ساڵ نامۆیی

هاتۆتەوە سلێمانی؟...تاد

لێرەدا (خاك‌وخۆڵ) خاڵی پەیوەندی دەقاوێزانی ئاماژەیی شاعیرە، چونکە وەك (شوێن) گرنگی خۆی هەیەو دەلالەتی سەرهەڵدانی رووداوەکانی ناو دەقی چیرۆکە شیعریەکەیەو زیاتر لە (٧) جار جەخت لەسەر وشەی "دەگەڕا" دەکات‌و جەمسەری پەیوەندیەکان لەگەڵ ئەم دەقەی (نالی)دا سازدەکات:

داخل نەبی بە عەنبەری سارایی (خاك‌وخۆڵ)

هەتا نەکەی بە خاکی (سولەیمانی)یا عوبوور... (٣٣)

(خاك‌وخۆڵ) دێیەکە لە نزیك چەمی تانجەرۆ لە ناوچەی عەربەت، ٢٤ کیلۆمەتر لە رۆژهەڵاتی سولەیمانیەوەیە، واتە ئەوەی گرنگ بێت (چەند وتەو رووداو و جوڵەی کەسێتیەکانە، کە لە رابردوودا

روویانداوە، گێڕەوە دەیانگوێزێتەوە بۆ کاتی ئێستاو پێشکەشیان دەکاتەوە، بە هێشتنەوەی پەیکەری بیرو وێنەی دیالۆگەکە وەك خۆی) (٣٤) و شێوازی دیالۆگی ناڕاستەوخۆ لە دەقی ئامادەدا دەخاتە ڕوو و دەڵێت:

پیرە بەردەوام بوو... وتی

کورگەل ئەمشەو، یەکەم شەوی بەهارەو

ئەو حەزرەتە دوورە شارە

دەگەڕێ بۆ حەبیبەو چارەنووسی ئەم هەوارە....تاد

لەمجۆرە گێڕانەوەی سەرەوەدا، کەسەکان لەجیاتی ئەوەی راستەوخۆ گوزارشت لە بۆچوونەکان بکەن، بەڵکو گێڕەوەیەکی تر هەیە، کە گێڕەوەی دەرەکیەو پرۆسەکە پێشکەش دەکات، بە بەڵگەی دەربڕی (وتی) کە تایبەتە بە کەسی سێیەمی تاك (ئەو) لەسەر ئامادەیی دەق دەرکەوتووەو گوتارەکەی ئاراستەی (حەبیبە)ی (نالی) دەکات.

قەلبی منەوەرە لە حەبیبانی نازەنین

یا وەك سەقەرە پڕە لە رەقیبانی لەندەهور... (٣٥)

رایەڵەی پەیوەندیەکانی دەقاوێزان لە وشەی (حەبیبە)دا هاوبەشی رادەگەیەنێو بۆتە سەرچاوەی دەقاوێزانی ئاماژەیی، کە زیاتر پەیوەستە بە وردەکاریەکانی ناو "خانەقا"ی شوێنی خواناسان.

لەسەر ئاستی چیرۆکە شیعریەکە، جۆرێك بەیەکداچوونی تەکنیکەکانی چیرۆك روودەدات لەنێوان وەسفو گێڕانەوەدا، کە سیزا قاسم بە وێنەی گێڕانەوەو وێنەی وەسف ناوی بردوون کە وێنەی گێڕانەوە، ئەو وێنەیە شتەکان بە جوڵاوەیی پێشکەش دەکات، بەڵام وێنەی وەسفی، شتەکان بە وەستاوی دەخاتە ڕوو) (٣٦) واتە گێڕەوە، رووداوەکانی رابردوو تێکەڵ بە ئێستا دەکات، هەروەك لە دەقی ئامادەدا دەبینین:

کانی ئاسکان.... بێ ئاهووەو پڕە لە سەگو گورگی هار

تانجەرۆ.... وەکو حوجرەکەی وشکەو پڕە لە مووروو مار

مەڵکەنیو گۆیژەو گاوران..... تیانەماون لالە رووان

قۆریە شکاوو، کانی با... کەوتنە دەستی بازرگان

وەیسو شێخ هەباسیش بوون بە گۆڕستان

چلە گەرمە، قوڕە سوور گیراوەو نەرمە

بۆ سەروشان

سەرپۆش شۆرە لە سەرچاوەی گەشی گریان

خاتوونان شەدەلار، چاوخومارانی چاوەنوار....

هەربۆیەش لە رێگەی تەکنیکی وەسفەوە شوێنەکان دەخاتە ڕوو چونکە (شوێن رەنگدانەوەی راستی کەسەکانو لەلایەکی تریش ژیانی کەسایەتیەکان راڤەی سروشتی ئەو شوێنانە دەکەن، کە پەیوەستن پێوەی) (٣٧) و راڤەو ناساندنی شوێنەکان گوزارشتکردنە لە کەسەکان.

گێڕەوە بە وەسفێکی بابەتیانە باس لە (شوێن) دەکات، سلێمانی وەك (شوێن)ی کراوە پیشاندەداتو بە وێنەیەکی گێڕاوەیی، شوێنو گەڕەکەکانی (کانی ئاسکان، تانجەرۆ، مەڵکەنیو گۆیژەو گاوران، قۆریە شکاو و کانی با، وەیسو شێخ هەباس) ئاشکرا دەکات، کە تاکو ئێستا بە شوێنێکی زیندوو و راستەقینە ماونەتەوەو رووبەکی ریالیزمیان پێ دەبەخشێتو شوێنگەی رووداوەکان بوونو هەستێکی تایبەت دەدەنە خوێنەر بۆ راڤەو لێکۆڵینەوە، دواتر بە وێنەیەکی وەسفی بۆ وەسفکردنی شوێنی "داخراو" کە (حوجرەکەی نالی)یەو وردەکاریەکانی ناو حوجرەکەی دەخاتە ڕوو کە ژوورێکە دەلالەتی تایبەتی خۆی هەیەو قەبارەیەکی ئەندازەیی دیاریکراوی هەیەو بەستراوە بە باری دەروونی کەسێتیەوەو شوێنێکی ئاشنایە. واتە (شوێنی کراوە ئەو شوێنانە دەگرێتەوە، کە لە شوێنە دەرەکیەکان پێکدێت، ئەم جۆرە شوێنانە تایبەت بە کەسێك یان چەند کەسێکی دیاریکراو نین، بەڵکو لەبەرئەوەی کراوەن هەموو کەسێك توانای بەکارهێنانی هەیە وەك گەڕەك، ڕێگا، بازاڕ، چایخانە، نەخۆشخانە...تاد، شوێنە داخراوەکانیش ئەوجۆرە شوێنانەن کە رووبەرێکی جوگرافی دیاریکراویان هەیەو تایبەت بە کەسێك یان چەند کەسێکی دیاریکراون وەك خانوو، ژوور، رەشماڵ، کۆلێت) (٣٨).

بۆیە وەسفەکان بەتایبەتی وەسفی شوێنەکان زیاتر سروشتی کەسایەتیەکان دەخاتە ڕوو یان رەنگدانەوەیەتی، هەربۆیەش هۆکاری دەقاوێزانو ئاماژەیان پێدەدا.

— کانی ئاسکان........ بێ ئاهووەو پڕە لە سەگ و گورگی هار —

کانی ئاسکان — وەك شوێن مەبەستێکی ستاتیکیو فەلسەفیانەیە لەلایەکی تریش بەهۆی وشەی (کانی ئاسکان) خاڵی دەقاوێزانی ئاماژەیی لەگەڵ دەقەکەی (نالی)دا رایگەیاندووە کە دەڵێت:

ئێستەش مەکانی ئاسکەیە (کانی ئاسکان)

یاخود بووە بە مەلعەبەیی گورگ و لوورە لوور.... (٣٩)

کانی ئاسکان — کانیو سەراوێك بووە لە رۆژئاوای سلێمانیەوەو ئێستا گەڕەکێکە، واتە شوێن رەنگدانەوەی ئەزموونی شاعیرەو لای (نالی)یش جوانیو خۆشیەکەی نەماوە، کە خستنەڕووی زەمەنی بابانو رۆمیەکان رووندەکاتەوەو زەمەنو کارەساتە خراپەکانی رۆمیەکان ئاشکرا دەکات.

دوای ئەوەی (گێڕەوە) تێبینیەکانی دەخاتە ڕوو بەرامبەر (کانی ئاسکان) ئەوە دەردەخات، کە هەموو جوانیەکانی لەدەستداوەو روودەکاتە (تانجەرۆ) بەهۆی (وێنەی وەسف)یەوە شتەکان لە حاڵەتی نەبزاوتن دەخاتە ڕوو) (٤٠) و وردەکاریەکان دەچوێنێ بە دۆخی حوجرەکەو بەم شێوەیە تۆماریان دەکات.

"تانجەرۆ...... وەکو حوجرەکەی وشکەو پڕە لە مووروومار"

پەیوەندی دەقی ئامادەو دەقی نائامادە وشەی (تانجەرۆ)یە کە بەشداری دەکات لە دەقاوێزانێکی ئاماژەیی، بەمەبەستی دەلالەتی نوێبوونەوەی جوانیو ئیستاتیکی (تانجەرۆ)، کە ماوەیەك هێمای خۆشگوزەرانی بووە، بۆیەش لە رووی دەقاوێزانەوە پەیوەستی دەکات بە دەقەکەی (نالی)یەوە:

داخۆ دەروونی صافە، گوڕەی ماوە (تانجەرۆ)

یاخۆ ئەسیری خاکە بە لێڵی دەکا عوبوور.... (٤١)

جوانی تانجەرۆ لەوەدا بووە، کە چەمێکە لە سەرچاوەکانی سەرچنار پەیدا ئەبێ، لە داوێنی سولەیمانیەوە بە بناری چیای گڵەزەردەدا بەرەو شارەزوور دەڕواتو لە (دواوان) ئەڕژێتە سیروانەوە، واتە پرسیارکردنی (نالی) لە تانجەرۆ دەیەوێت دیوەکەی تری پیشانبداتو هۆکارەکەی چیە کە گوڕوتینی جارانی نەماوەو بە وەسف دەیخاتە ڕوو، وەسفی شوێنیش وەك تەکنیك شتەکانی واقیع یان سیمایەکی واقعیانەی پێدەبەخشێت، کە (تانجەرۆ)ش هاوشێوەی هاوەڵەکانی بەدەر نییە لەو دۆخەی ئەوانیتر.

هەموومان دەزانین کە ئەدەبو کۆمەڵگە لەڕووی ئەرکی کۆمەلایەتیەوە پەیوەندیەکی بەتینیان لەگەڵ یەکتریدا هەیە بە بەڵگەی ئەوەی ئەدەب دیاردەیەکی کۆمەلایەتیە بۆ (جیاکردنەوەی ئەدەب لە کاریگەری کۆمەلایەتیو فکری، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کارێکی نەشیاوە) [٤٢] چونکە نووسەر لە چیرۆکە شیعریەکەدا، دەلالەتی ئەو ئەرکە کۆمەلایەتیەی (حوجرەکە)ی دیاریکردووە، کە شوێنی زانستو پەروەردە بووەو دۆخی خراپی (تانجەرۆ)شی چواندووە بە (حوجرەکە)ی.

– تانجەرۆ..... وەکو حوجرەکەی وشکەو پڕە لە موورومار –

لەم دێڕەدا ئەوەی ئێمە دەگەیەنێتە دەقەکەی نالیو دەقاوێزانی ئاماژەیی پێکدەهێنێ وشەی (حوجرە)یە نەك (تانجەرۆ) کە مەبەستی پەیوەندیەکە دەپێکێ لەگەڵ (نالی)دا.

واصیل بکە عەبیری سەلامم بە حوجرەکەم

چیی ماوە، چیی نەماوە، لە هەیوان و تاق و ژوور... [٤٣]

حوجرە لای نالی، ئەو شوێنە بووە کە تیا ژیاوەو سەرقاڵی خوێندنو نووسین بووە، بەڵام دوای جێهێشتنی بە جەستەیەکی زیندوو نەماوەتەوە، ڕووی دەقاوێزانەکەی (دڵشاد مەریوانی)یش نوێبوونەوەو ناساندنی مەعریفەی حوجرەکەیەو دەلالەتی نوێ بەخشینە بۆ جارێکی تر.

لە زۆر حاڵەتدا دەقی چیرۆکە شیعریەکەی شاعیر (نووسەر) تایبەتمەندیەکی گەورەی داوە بە (شوێن)، کە ڕووداوەکانی تیا ڕوودەدات، گێڕەوەش لە ڕێگەی وەسفێکی گونجاوەوە دیانگوێزێتەوە واتە فەزای جوغزانی (دابڕاو نیە لە دەلالەتی شارستانیو کۆمەلایەتی، تەنها هەر شوێن نیە، بەڵکو زیندوویەتی لە جوڵەی کەسەکانو پەیوەندیەکانی بە زەمەنەوە ڕووندەبێتەوە) [٤٤] شاعیر لە دەقی ئامادەدا دەڵێت:

– قۆریە شکاو و کانی با..... کەوتنە دەست بازرگان –

ئەو وشەیەی کە پەیوەندی بۆ ئێمە ڕووندەکاتەوە، وشەی (کانی با) کە شوێنەو دابڕاو نیە لە تەکنیکی گێڕانەوەو بەشداری دەقاوێزانی ئاماژەیی دەکات لە دەقەکەی (نالی)دا:

ئایا بە جەمع و دائیرەیە دەوری (کانی با)

یاخۆ بووە بە تەفریقەیی شۆڕش و نوشوور... [٤٥]

(کانی با) کانیو سەراوێکە لەودیو گردی سەیوانەوە، سەیرانگای بەهارانی خەڵکی سولەیمانی بووە، ئەوەی (نالی) پێشبینی دەکات لە (کانی با) ئەو دیمەنەی جارانی نەماوەو خەڵك ڕووی تێناکات، بەڵام شاعیر لە دەقی ئامادەدا دەلالەتی نوێی زیندووکەرەوەی دەداتێو جارێکی تر پێمان دەناسێنێو دەیەوێت وێنەی ئەو کولتوورە کۆمەلایەتیەی سلێمانی نوێ بکاتەوە بۆ شوێنە پیرۆزو سەیرانگاکان.

هەموو ئەو برگەو یەکە وەسفیانەی چیرۆکە شیعریەکەی نووسەر، ئەرکێکی جیاواز لەخۆدەگرن‌و توانای داهێنان‌و دەربڕینی نوێیە بۆ شتەکان، گەڕەك‌و شوێنەکان، دیاردەی ژیانی مرۆڤەکانە، خودی دیاردەکانیش ئەرکی راڤەکاری دەبینن، چونکە رەنگدانەوەی ژیانی دەروونی کەسەکانن، واتە وەسفەکان لە خزمەتی بینای کەسەکاندان، بوونە هۆی یەکەیەکی ئۆرگانیزمی لە دەقدا لەپێناو پێشکەشکردنی وێنەیەکی بەرجەستە، شاعیر لە دەقی ئامادەدا پەنای بۆ لێکچوون بردووەو (شێخ هەباس)ی چواندووە بە گۆڕستان‌و دەڵێت:

(وەیس و شێخ هەباسیش بوون بە گۆڕستان)

روونکردنەوەی پەیوەندی نێوان دەقی ئامادەو دەقی نائامادە وەك ئەرکێك دەکەوێتە سەر وشەی (شێخ هەباس) واتە خاڵی پەیوەستبوون لە وشەی (شێخ هەباس)دا یەکدەگرێتەوە ئاماژە بە دەقاوێزان دەکات لەگەڵ دەقەکەی (نالی)دا کە دەڵێت:

ئیستەش بە بەرگ و بارە عەلەم داری (شێخ هەباس)

یا بێ نەواو بەرگە، گەڕاوە بە شەخسی عوور.... (٤٦)

هەڵبژاردنی وشەی (شێخ هەباس) لای هەردوو شاعیر وەك (شوێن) بۆ هۆکاری خۆشەویستی دەگەڕێتەوە، شێخ هەباس یەکێك بووە لە سەیدەکانی بەرزنجە، قەبرەکەی زیارەتگای خەڵکە، کەوتۆتە داوێنی سلێمانیەوە، جاران بەو دەوروبەرو پشتەیان ئەوت، گەڕەکی جولەکان، ئێستا پێی دەڵێن گەڕەکی شێخ هەباس.

وەك وتمان پرسیارکردنی (نالی) لە دۆخی شەخسەکە، هۆکاری خۆشەویستیە چونکە جۆرێك پەیوەندی بەدیدەکرێت لەنێوان شوێن‌و کەسەکاندا، بەتایبەتی ئەمیش وەك نزرگەیەکی خەڵك وابووەو خۆشەویست بووە، بەڵام ئێستا پێگەو هەیبەتی نەماوە، هەردوو شاعیر ئاماژەمان پێدەدەن، کە پێویستی بە ئامادەیی‌و فیداکاری هەیە بۆ گەڕانەوەی پێگەو هەیبەتی شێخ هەباس یان شوێنەکانی تر.

## ٣- دەقاوێزانی کەسایەتی

ئەمجۆرە دەقاوێزانە هەوڵدەدات کەسایەتیەکان لە دەقەکاندا ئامادە بکات‌و ناونیشانیان بهێنێت، واتە پێویستە لە ئەزموونە شیعریەکەدا (کەسایەتیەکان هەڵگری سفاتی تایبەتی‌و گشتی بن لە سیاقی شیعریدا، وەگەرنا کاریگەری هێمایی‌و شیعریی نامێنێ) (٤٧).

ئەوەی گرنگ بێ بۆ شاعیر لەناو دەقە نوێکانداو ئاماژەی پێبدات، سفاتی نوێگەری پێ ببەخشێت، زیاتریش بەهۆی جیهانبینی‌و فکری شاعیرەوەیە تا پەیوەستی بکات بە کێشەکانی مرۆڤایەتی‌و زانست‌و نەتەوەییەوە یان سروشتی واقیعی کۆمەڵایەتی بخاتە روو.

شاعیر پەنا دەباتە بەر کەسایەتیەکان‌و بە وەسفێکی پڕپایەخەوە تایبەتمەندیەکانیان دیاریدەکات، لەم حاڵەتەدا لە دوو جۆر تەکنیکی گێڕانەوەدا دەبینرێ: (٤٨)

أ- دەق (قسەکردنە بەناوی کەسایەتیەکان)

ب- دەق (قسەکردنە لەسەر کەسایەتیەکان)

أ- دەق (قسەکردنە لەسەر کەسایەتیەکان)

لەمجۆرە دەقەدا، گوتاری شاعیر ئاراستەی کەسایەتیەکان ناکرێ، کە بۆتە تەوەری سەرەکی دەقەکە، بەڵکو تەکنیکی گێڕانەوە قسە لەسەر کەسایەتیەکان دەکات، ئەویش لە رێگەی راناوی کەسی سێیەمەوە (ئەو)، واتە دەنگی شاعیر گێڕەوەی دەقە) (٤٩) کە (گێڕەرەوە ئەو کەسێتیە خەیاڵیەیە، کە نووسەری رۆمان، پرۆسەی گێڕانەوەی پێ ئەنجام دەداتو ناولێنراوە منی دووەمی نووسەر) (٥٠) نمونەی ئەمجۆرە شێوازە لە دەقە چیرۆکە شیعریەکەی (دڵشاد مەریوانی)دا زۆر بە روونی بەدیدەکرێت، چونکە (گێڕەوە) لەم چەند برگەیەی خوارەوەدا جەخت دەخاتە سەر کەسایەتی چیرۆکە شیعریەکەو دەڵێت:

(نالی) لە ئێوە زویرە
نەك هەر زویرە،! وەها تورەو شێتگیرە
دەرگای لە خۆی داخستووە
چاوەنواڕی هوشیاربوونەوەی نووستووە
چاوەنواڕی هەستانەوەی پێشێل بووە
چاوەنواڕی هەڵگرتنەوەی ئاو رووە
- - - -
نالی هەر دەگەڕێتەوە
نالی هەر دەگەڕێتەوە
نالی هەر دەگەڕێتەوە

ئەو کەسایەتیەی کە نووسەر یان گێڕەوە قسەی لەسەر دەکات، شاعیری گەورەی کورد (نالی)یە لە زۆر برگەو یەکە زمانیەکانی چیرۆکە شیعریەکەدا ناوی هاتووە، وەك کەسایەتیەکی سەرەکی، کە هەموو رووداوەکانی دەق بەدەوری ئەم کەسایەتیەدا دەسوڕێنەوەو مانای وایە هەموو جوڵەو کارتێکردنێك لەگەڵ رووداوەکان دەگەیەنێو بۆتە داینەمۆی پەرەسەندنی رەوتی رووداوەکانی ناو چیرۆکە شیعریەکەیە، کە ناوی (خدر –خچر) و کوڕی ئەحمەد شاویسی ئالی بەگی مکایلی یە، لەساڵی ١٧٩٧ی میلادی لە گوندی (خاكوخۆڵ) لە دەشتی شارەزوور هاتۆتە دنیاوەو لەساڵی ١٨٥٥ کۆچی دوایی کردووە) (٥١).

لێرەدا خوێنەر وا مەزەندە دەکات کە کەسی سەرەکی چیرۆکە شیعریەکە، وەك تەوەرێك لێیدەڕوانرێ، واتە وەسفەکان دەربارەی کەسی سەرەکی رەنگدانەوەی بارە سیاسیو رۆشنبیریەو وردەکاریەکانی وەسفیش لە ئاست واقیعی وەسفکراودایە، کە پلەی باڵا بە زمان دەبەخشێ، چونکە (٧) جار لە دەقەکەدا تیشك خراوەتە سەر (نالی).

بەڵام ئەبێ ئەوەش بزانین کە دۆخی چیرۆکە شیعریەکە تەنها بریتی نیە لە کارەکتەری سەرەکی، بەڵکو کارەکتەری لاوەکیش بەدیدەکرێت لە میانەی رەگەزو برگە زمانیەکانی چیرۆکە شیعریەکەدا، کە وەك یارمەتیدەرن بۆ کارەکتەری سەرەکی، واتە لە فەزای چیرۆکە شیعریەکەدا کەسێك هەیە وەك کارەکتەری سەرەکی سەیردەکرێتو رۆڵی سەرەکی دەبینێو رەوتی رووداوەکان دەگۆڕێت، لەگەڵ چەندین کەسایەتی تر،

هەروەك فليپ هاموون (Ph. Hamon) لەگەڵ فرەیی پۆلێنکردنەکانی کەسایەتیەکاندایەو بەم شێوەیە پۆلێنیکردوون: [٥٢]

١- کەسایەتی سەرچاوەیی لەناویشیاندا، کەسایەتی مێژوویی – کەسایەتی ئەفسانەیی – کەسایەتی کۆمەڵایەتی...تاد.

٢- کەسایەتی رێنیشاندەر کە لەبری نووسەرە.

٣- کەسایەتی رێکخەر، کە مژدەبەخشی خێرو شەڕن.

له فەزای چیرۆکە شیعریەکەدا (نالی) وەك کەسایەتیەکی سەرچاوەیی شاعیر هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کردووەو زۆرینەی ئەرکەکانی خستۆتە سەرشانی کارەکتەری سەرچاوەیی (نالی)، هەروەها لە پەنای ئەمجۆرە کارەکتەرەدا کەسایەتی مێژوویی‌و ئەدەبیش دەبینرێن، کە شاعیر لە دەقەکەدا ئاماژەی پێکردوون‌و بوونە خاڵی دەقاوێزان، هەروەك دەڵێت:

گەنج‌ولاوەکانمان دەپرسن لە نیشانی
میری بەبەو بەردە شانی
داخۆ خەونەکە هەر ماوە
نالی دەگەڕێتە دواوە

ئەوەی دەبینرێت بەپێی راکەی (فليپ هامون)، دوو کەسایەتی مێژوویی (میری بەبە) و کەسایەتی ئەدەبیی (عەلی بەردەشانی)یە کە هەردووکیان دەمانگێڕنەوە بۆ مێژووی میرانی بابانەکان‌و سەردەمی ئەدەبیی میللی (عەلی بەردەشانی)، کە خاوەنی فکرەو هەڵوێستی دیاریکراون‌و جێگای گرنگیپێدانی شاعیر یان نووسەرن بە خوێندنەوەی دەقیش سەرنجی خوێنەر رادەکێشن‌و دەمانگێڕنەوە بۆ ناسین‌و پێداچوونەوەی مێژووی میرانی بابان‌و شاعیرانی میللی.

## ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە:

١-سروشتی دەقی لێکۆڵینەوەکە، سروشتی (چیرۆکە شیعر)ەو توخمی (گێڕانەوەو وەسف)ی لەخۆگرتووە، کە بە لایەنێکی گرنگی دەقەکە دادەنرێن.

٢-چیرۆکە شیعر لە ئەدەبی نوێی کوردیدا، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی روانگەو دوای روانگە، وەك شۆڕشێکی گەورەی فکری‌و کۆمەڵایەتی‌و خاڵی جیاکەرەوەی سەردەم بووە.

٣-پرۆسەی دەقاوێزان لای شاعیر تایبەتمەندی هونەری لەخۆگرتووەو چۆتە خانەی هێماو دەوڵەمەندکردنی هەڵوێست‌و فکرەکانەوە.

٤-زۆری ئاماژەکانی دەقاوێزانی شاعیر، هەڵگری دەلالەتی ژیان‌و نوێبوونەوەو فکرن، کە لە ئەنجامی هەڵمژین‌و ئاماژەو کەسایەتیەکانەوە هاتوون‌و لە ئەزموونە شیعریەکەدا بەرجەستە بوون.

٥- ئامانجی دیاریکردنی کەسایەتیەکانی ناو چیرۆکە شیعریەکە، وەك هێمایەکی هونەری دەبینرێن‌و هەڵگری ئەزموونی شاعیرو دەربڕی کێشەکانی سیاسی‌و مێژوویی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئەدەبین.

## پەراوێزەکان


١- محمد صابر عبيد، فچاو الكون الشعرى من التشكيل الى التدليل، مستويات التجربه الشعريه عند محمد مردان، دار نينوى، سوريه، ص١٦٧، هەروەها بڕوانە نامەی ماستەر (شیعری چیرۆکئامێز لە ئەدەبی کوردیدا) باخان احمد حمەامین، ل٤٤.

٢-عەلی تاهیر حسین بەرزنجی(د)، چەند توێژینەوەیەکی رەخنەیی، بڵاوکردنەوەی ئەکادیمیای کوردی،چاپخانەی حاجی هاشم،هەولێر ٢٠١٤،ل١٢١.

٣-حميد الحمدانى (د)، بنيه النص السردى من منڤور النقد الٲدبى، المركز الپقاڤى العربى للگباعه والنشر والتوزيع، گ٢، ١٩٩٣، ص٤٥.

٤- فاچل پامر، الوحدات السرديه للخگاب، منشورات اراس، گ١، ٢٠١٢، ص٣٦.

٥-جەلال ئەنوەر سەعید، تەکنیکی گێڕانەوە لە رۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی دا، بەڕێوەبەرێتی چاپ‌و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی کەمال، ساڵی ٢٠٠٩، ل٢٩.

٦-احمد ناهم، التناص فى شعر الرواد، دراسه، سلسله رسائل جامعيه، دار الشؤون الپقافيه، بغداد، گ١، ٢٠٠٤، ص٢٠.

٧-تزفيتان تودوروف واخرون، فى اصول الخگاب النقدى الجديد، ترجمه وتقديم احمد المدينى، دار الشؤون الپقافيه، بغداد، گ١، ١٩٨٧، ص١٠٢.

٨- تزفيتان تودوروف، الشعريه، شكرى النجوت و رجاو بن سلامه، دار تويقال، دارالبيچاو — المغرب، گ٢، ١٩٩٠، ص٤١.

٩- عبدالله الغڑامى، الخگيئه والتكفير، من البنيويه الى التشريحيه، كتاب النادى الپقافى، جده، السعوديه، گ١، ١٩٨٥، ص٣٢١.

١٠- احمد ناهم، التناص فى شعر الرواد، ص١٤.

١١- تزفيتان تودوروف، المبدأ الحوارى، ترجمه فخرى صالح، الشؤون الپقافيه العامه، بغداد، گ١، ١٩٩٢، ص٨.

١٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٨٢.

١٣- عبدالله الغڑامى، الخگيئه والتكفير، ص٢١.

١٤- عبدالقادر رحيم، علم العنونه، دراسه تگبيقيه، دار التكوين للتأليف والترجمه والنشر، گ١، ٢٠١٠، ص٨٦.

١٥- عبدالقادر رحيم، علم العنونه، ص٩٠.

١٦- فى حوار مع عبدالوهاب البياتى، مجله الپقافيه، تصدر عن المكتب الپقافى السعودى فى بريگانيا و ايرلندا، العدد ١٩، السنه الرابعه، ١٩٩٦، ص١٢.

١٧- كۆبەرهەم، دڵشاد مەریوانی، دەزگای چاپو بڵاوكردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، چاپی یەكەم، هەولێر، ٢٠٠٩ ل٣٢٤.
١٨- عبدالقادر رحيم، علم العنونه، ص٢٣٢.
١٩- دیوانی نالی، لێكۆڵینەوەی محمدی مەلا كەریم، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد، بەغدا، ١٩٧٦، ل١٩٥.
٢٠- محمد مفتاح (د)، ديناميكيه النص، (تنڤير وانجاز)، المركز الپقاڤ العربى، الدارالبيچاو، المغرب، گ٣، ٢٠٠٦، ص٧٢.
٢١-محمد بنيس، ڤاهره الشعر المعاصر ڤ المغرب، مقاربه بنيويه تكوينيه، دار التنوير للگباعه والنشر، گ٢، ١٩٨٥، ص٢٥٣.
٢٢-جەمیل صائب، لەخەوما، پێشكەشكردنو لێكۆڵینەوەی جەمال بابان، دەزگای چاپو بڵاوكردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر ٢٠٠٨، ل٣٥.
٢٣-سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠.
٢٤- جيرار جينيت، مدخل لجامع النص، ت، عبدالرحمن ايوب، دار الشؤون الپقافيه العامه، بغداد، ص٩٠.
٢٥-عبدالله محمد رچوان، البنى السرديه، نقد قصه القصيره، دار الكندى للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٢، ص١٤.
٢٦- دیوانی نالی، ل١٨٣.
٢٧- احمد گعمه (د)، التناص بين النڤريه والتفكيك، ص١٨١.
٢٨- سيرا قاسم، بناو الروايه، دار التنوير للگباعه والنشر- گ١، بيروت ١٩٨٥، ص١١٣، ١٥٦.
٢٩-دیوانی نالی، ل١٨١.
٣٠-دیوانی نالی، ل١٨٤.
٣١-دیوانی نالی، ل١٨٨.
٣٢-جبور عبدالنور، المعجم الادبى، دار العلم للملايين، بيروت، گ٢، ١٩٨٤، ص١٢٣-١٢٤.
٣٣-دیوانی نالی، ل١٨١.
٣٤-میران جەلال محەمەد، بنیاتی رووداو لە زمانی كوردیدا، مەڵبەندی كوردۆلۆجی، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٩، ل١٧٨.
٣٥- دیوانی نالی، ل١٩٠.
٣٦-سيزا قاسم، بناو الروايه، دراسه مقارنه ڤ پلاپيه نجيب محفوڤ، دار التنوير للگباعه والنشر، گ١، بيروت ١٩٨٥، ص١١٣.
٣٧- سيزا قاسم، بناو الروايه، ص١١٤-.١١٥
٣٨-پەرێز سابیر، بینای هونەری چیرۆكی كوردی، لەسەرەتاوە تا كۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٣٣٦.
٣٩-دیوانی نالی، ل١٨٧.
٤٠- سيزا قاسم، بناو الروايه، ص١١٣.
٤١- دیوانی نالی، ل١٨٨.

٤٢- رينيه ويليك، اوستن وارين، نقريه الٲدب، ترجمه محى الدين صبحى، المؤسسه العربيه للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٨٧، ص٩٧.

٤٣- ديوانى نالى، ل١٩٥.

٤٤- على ابراهيم (د)، الزمان والمكان فى روايات غائب گعمه خرمان، الناشر الاهالى للگباعه والنشر والتوزيع، گ١، ٢٠٠٢، ص١٠١.

٤٥- ديوانى نالى، ل١٨٦.

٤٦-ديوانى نالى، ل١٨٥.

٤٧- عزالدين اسماعيل، الشعر المعاصر، قچايا وڤواهره الفنيه والمعنويه، دار اﻟﭙقافه، بيروت، بلا تأريخ، ص٢٠٤.

٤٨-احمد گعمه حلبى (د)، التناص بين النڤريه والتگبيق، ص٢٢١.

٤٩- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٥.

٥٠- نەجم خاليد نەجمەددين ئەڵوەنی، بينای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردی دا، ژانی گەل، شار، ڕاز، لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری، پراکتیکی، ڕەخنەیی، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٧٣. هەروەها بڕوانە: سيزا احمد قاسم، بناو الروايه، ص١٣١.

٥١- علاوالدين سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی مەعاريف، بەغدا، ١٩٥٢، ل٢١٤.

٥٢-محمد عزام، تحليل الخگاب الٲدبى، على چوو المناهج النقديه الحداپيه، ص٢٠٨. موقع اتحاد الكتاب العرب على شبكه الانترنيت، http:/www.awu.dom.org


## سەرچاوەکان

### أ- عەرەبيەکان:

١. احمد گعمه حلبى (د)، التناص بين النڤريه والتگبيق، شعر البياتى نموڤجاً، منشورات الهيئه العامه السوريه للكتاب، وزاره اﻟﭙقافه – دمشق، ٢٠٠٧.

٢. احمد ناهم، التناص فى شعر الرواد، دراسه، سلسله رسائل جامعيه، دار الشؤون اﻟﭙقافيه، بغداد، گ١، ٢٠٠٤.

٣. تزفيتان تودوروف واخرون، فى اصول الخگاب النقدى الجديد، ترجمه وتقديم احمد المدينى، دار الشؤون اﻟﭙقافيه العامه، العراق، بغداد، گ١، ١٩٨٧.

٤. تزفيتان تودوروف، الشعريه، شكرى النجوت و رجاو بن سلامه، دار تويقال، دارالبيچاو – المغرب، گ٢، ١٩٩٠.

٥. تزفيتان تودوروف، المبدأ الحوارى، ترجمه فخرى صالح، الشؤون اﻟﭙقافيه العامه، بغداد، گ١، ١٩٩٢.

٦. جان كوهن، بنيه اللغه الشعريه، ترجمه محمد الوالى و محمد العمرى، دار تويقال، المغرب، ١٩٨٦.

٧. جيرار جينيت، مدخل لجامع النص، ت، عبدالرحمن ايوب، دار الشؤون اﻟﭙقافيه العامه، بغداد.

٨. جبور عبدالنور، المعجم الادبی، دار العلم للملايين، بيروت، گ٢، ١٩٨٤.
٩. حميد الحمدانی (د)، بنيه النص السردی من منڤور النقد الّدبی، المركز اليڤافی العربی للگباعه والنشر والتوزيع، گ٢، ١٩٩٣.
١٠. رينيه ويليك، اوستن وارين، نڤريه الّدب، ترجمه محی الدين صبحی، المؤسسه العربيه للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٨٧.
١١. سيزا قاسم، بناو الروايه، دراسه مقارنه فی پلاپيه نجيب محفوڤ، دار التنوير للگباعه والنشر، گ١، بيروت ١٩٨٥.
١٢. عبدالله الغڤامی، الخگيئه والتكفير، من البنيويه الی التشريحيه، كتاب النادی اليڤافی، جده، السعوديه، گ١، ١٩٨٥.
١٣. عبدالقادر رحيم، علم العنونه، دراسه تگبيقيه، دار التكوين للتأليف والترجمه والنشر، گ١، ٢٠١٠.
١٤. عبدالله محمد رچوان، البنی السرديه، نقد قصه القصيره، دار الكندی للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٢.
١٥. علی ابراهيم (د)، الزمان والمكان فی روايات غائب گعمه خرمان، الناشر الاهالی للگباعه والنشر والتوزيع، گ١، ٢٠٠٢.
١٦. عزالدين اسماعيل، الشعر المعاصر، قچايا وڤواهره الفنيه والمعنويه، دار اليڤافه، بيروت، بلا تأريخ.
١٧. فاچل پامر، الوحدات السرديه للخگاب، منشورات اراس، گ١، ٢٠١٢.
١٨. محمد مفتاح (د)، ديناميكيه النص، (تنڤير وانجاز)، المركز اليڤافی العربی، الدارالبيچاو، المغرب، گ٣، ٢٠٠٦.
١٩. محمد بنيس، ڤاهره الشعر المعاصر فی المغرب، مقاربه بنيويه تكوينيه، دار التنوير للگباعه والنشر، دار البيچاو، المغرب، گ٢، ١٩٨٥.
٢٠. محمد صابر عبيد، فچاو الكون الشعری من التشكيل الی التدليل، مستويات التجربه الشعريه عند محمد مردان، دار نينوی، سوريه.

## ب- كوردیەكان:

١. پەرێز سابیر، بینای هونەری چیرۆكی كوردی، لەسەرەتاوە تا كۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١.
٢. جەمیل صائب، لەخەوما، پێشكەشكردنو لێكۆڵینەوەی جەمال بابان، دەزگای چاپو بڵاوكردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر ٢٠٠٨.
٣. جەلال ئەنوەر سەعید، تەكنیكی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی دا، بەڕێوەبەرێتی چاپو بڵاوكردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی كەمال، ساڵی ٢٠٠٩.
٤. علاوالدین سجادی، مێژووی ئەدەبی كوردی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٥٢.
٥. عەلی تاهیر حسێن بەرزنجی(د)، چەند توێژینەوەیەكی ڕەخنەیی، ئەكادیمیای كوردی،چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ٢٠١٤.

٦. میران جەلال محەمەد، بنیاتی رووداو لە زمانی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٩.

٧. نەجم خالید نەجمەددین ئەڵوەنی، بینای کات لە سێ نموونەی رۆمانی کوردی دا، ژانی گەل، شار، راز، لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری، پراکتیکی، رەخنەیی، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.

**ج- دیوانەکان:**

١. دیوانی نالی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی محمدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦.

٢. کۆبەرهەم، دلشاد مەریوانی، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩.

**د- نامەی ئەکادیمی:**

١. باخان احمد حمەامین، شیعری چیرۆکئامێز لە ئەدەبی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان – بەشی کوردی، ٢٠١٤.

**گۆڤارەکان:**

أ- عەرەبی:

١. ڤ حوار مع عبدالوهاب البیاتی، مجله الپقافیه، تصدر عن المکتب الپقافی السعودی ڤی بریگانیا و ایرلندا، العدد ١٩، السنه الرابعه، ١٩٩٦.

**ئینتەرنێت:**

١. محمد عزام، تحلیل الخگاب الٲدبی، علی چوو المناهج النقدیه الحداپیه. موقع اتحاد الکتاب العرب علی شبکه الانترنیت، http:/www.awu.dom.org

# Intertextuality in poetic story
# (Piramagroon Pays a Visit to Nali's Room)
# poet Dilshad Mraiwany

**Asst.Prof. Dr. Abdulqadir Hama Amin Muhammad**
**Sulaimany University**
**School of Languages – Kurdish Dept.**

**Abstract:**

This thesis about story in verse "Piramagroon Pays a Visit to Nali's Room" which is wrote by Kurdish poet "DlshadMeriwani". There are description and narrating elements in this text. Meriwani used an intertextual knits to Nali's poem "Oh gentle wing passing, my soul sacrifice to your dusts way".

It consists of: Introduction, Two chapters; the first chapter entitled: "Text and Intertextuality" which deals with: What a text, term and concept of intertextuality, and poetic in text titles. The second chapter entitled: "Intertextuality and its Types", it deals with: the types of intertextuality as; allusion, characters, etc. Although, the most significant conclusions shows, and the list of references also.